نزار سەلامی: ڕێزی زۆرم بۆتان هەیە، دەڵێم نزار بە ئێوەوە جوانە

بۆچی کەمتر لە شاری سلێمانی کارەکانی تۆ دەبینرێ؟

من حەوت، هەشت کارم کردووە کە لەگەڵ دەرهێنەری جیاوازدان، ئێمە کورتە فیلمی بەغدادمان لە شاری بەغداد وێنە گرت بە سێ رۆژ دوای رووخانی سەدام، دوا کاریشم فیلمی سینەمایی "ژانی گەل"بوو کە بەشداربووم، بەڵام بە حوکمی ئیش وکاری خۆم لە شاری سلێمانی نیشتەجێ نەبووم، لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەو کارانەی کە کردوومە هەمووی لە هەولێر و دەوروبەری بووە، هۆی نەبینینی ئەو فیلمانەش دەتوانم بڵێم کە کەناڵە راگەیاندنەکانمان ئێستاش هاوکاری یەک نین، زۆر بەکەمەی هاوکاری یەکتر دەکەن. بەبۆچوونی من هۆکاری نەبینینی ئەو فیلمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من ئیشێکم کردبێ بۆ کەناڵێک، لەکەناڵەکانی تر نیشان نەدراوە، یاخود ئەو کارانەی کە من کردومە زۆربەی زۆریان بۆ ئەوروپا بووە.

بۆزیاتر پێت خۆشە لە دراما و سینەما کار بکەیت؟

من وەک نزار وەک ئەو هەستەی لە خۆما نەدی دەکەم، زۆریشم پێخۆشە کە زیاتر لە دراماو سینەما کاربکەم، پێمخۆشە لە شاشەوە ببینرێم نەوەک لە شانۆ.

پرۆپاگەندەیەک هەبوو کە گوایە تەلارخان هاوسەری بەڕێزتەو دوای مەمی ئالان بوون بە هاوسەر، ئایا وایە؟

لە راستیدا بۆ یەکەم جار بوو لەگەڵ خاتوو تەلاردا کاربکەین وەکو ئەکتەر لە زنجیرەی مەمی ئالاندا، بەنیسبەت ئەوەی کە گوایە من و تەلار بەیەکەوە ژیانی هاوسەریمان دروست کردبێ لەدوای درامای مەمی ئالانەوە، ئەمەیان تەنیا پرۆپاگەندەیە کە لەناو بینەراندا دروست بووە، چونکە من و خاتوو تەلار هەمیشە وەکو خوشک و برایەک سەیری یەکترمان کردووە، ئەم جۆرە باسانە لە هەموو کارێکی هونەریدا بیستوومانە و گوێمان لێ بووە، بۆیە منیش بە شتێکی سەیر سەیری ناکەم، خاتوو تەلار لەدوای درامای مەمی ئالان ژیانی هاوسەری لەگەڵ بەڕێز و خۆشەویست کاک هێمن پێکهێناوە، لێرەشەوە رێزو خۆشەویستیم بۆیان هەیە.

لە دوای زنجیرەی مەمی ئالان لە خۆت بایی نەبووی کە توانیت بینەر بە نواندنەکەت رازی بکەی ؟

بە بڕوای من هەر کارێکی هوبەری بێت ئەو کەسانەی کە بەشدارن تیاید هەمویان بە هەست و سۆزێکی جوانەوە پێشوازی دەکەن لەو کارەی کە دێتە رێیان، منیش وەک ئەو هونەرمەندانە کە کارێکم پێ دەبەخشن بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە هەوڵ دەدەم بە جوانترین شێوە کارەکتەرەکەم بکەم، کاتێکیش کە بینەر لە دوای ئەو کارەم پێشوازیەکی جوانم لێ بکا بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە دەیانگرمە ئامێزی خۆم و ماندوو نەبوونیان لێدەکەم کە توانیویانە چەند کاتێک لەگەڵ کارەکەی مندا ژیابن، هەموو کاتێکیش دەڵێم: هونەرمەند بە بینەر و جەماوەرەوە جوانە، بۆیە هەموو کاتێک رێز و حورمەتێکی زۆرم بۆیان هەیە، پێیان دەڵێم نزار بە ئێوەوە جوانە.

هونەرمەند نزار سەلامی لە چەند دێڕێکدا:

* نزار حسێن یەحیا (سەلامی).
* ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی لە دایک بووە.
* لە ساڵی ١٩٩٩ەوە دەستی بەکاری هونەری کردووە.

*بەشداری لەم کارە هونەریانەدا کردووە:

- فیلمی چیای رەش، سیناریۆی رزگار ئەمین و شاهۆ تەیب. لەبەر چەند هۆیەک کۆتایی فیلمەکە تەواو نەکرا.
- زنجیرەی مەمی ئالان،دەرهێنانی ناسر حەسەن
- شانۆیی پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی، دەرهێنانی ئەرسەلان دەرویش.
- فیلمی کیلۆمەتر زیرۆ، دەرهێنانی هونەر سەلیم.
- کورتە فیلمی بەغداد، دەرهێنانی سەمیر عەبدۆک.
- فیلمی سنوور، دەرهێنانی زەهاوی سنجاوی.
- فیلمی ژانی گەل، دەرهێنانی جەمیل رۆستەمی.

دیدارو فۆتۆ: ڕێبازی ئازادی

گوڵشەنی جوانی گانی

گوڵشەنی جوانی نوێترین و یەکەمین سێدی هونەرمەندی دەنگخۆش و هەست ناسک کانییە، ئەم سێدییەی کانی حەوت تراکی لە خۆ گرتووە، کەبریتین لە (گوڵشەنی جوانی- هۆنراوەی عوسمان ئەحمەد، سەرەڕۆم- هۆنراوەی عوسمان ئەحمەد، ئەی خودا- هۆنراوی فۆلکلۆر، دلبەر هۆنراوەی مامۆستا هێمن، دڵی شەیدا- هۆنراوەی سەید عەبدولقادر، هاتەخوار و هانای دووری، هۆنراوەی فۆلکلۆر) کە مۆزیکی فەرهاد ساڵح و دابەشکردنی کارزان مەحمودە، هەروەها ژەنیاران مامۆستا موجتەبا میرزادە، توانا خورشید،فەرهاد ساڵح،کارزان مەحمود، خەلیل عەبدوڵڵا، رێبین سالارو هەرێم ساڵح هاوکاری کانی دەکەن.

ئەم بەرهەمەی کانی هونەرمەند بە مامۆستا موجتەبای میرزادە پێشکەش کراوە.

ڕیشەکەی ١،٨٣ مەتر درێژەو خۆیشی پێ دەرباز دەکات



هەواڵەکان: بەگوێرەی ستاتیستیکی ریشی درێژ تاوەکو ئێستا ریشێکی درێژی یەک مەتر و هەشتاو سێ سانتیمەتری نەبووە، بەڵام شامشار سینگ کە چەندین ساڵە ریشی خۆی نە تراشیوەو کورتی نەکردۆتەوە،بە باشی رایگرتووەو خزمەتی کردووە، ئێستا درێژی ریشەکەی گەیشتۆتە یەک مەترو هەشتاو سێ سانتیمەتر، بەوهۆیەشەوە بە خاوەنی درێژترین ریش لە جیهاندا ناسراوە.

شامشار بۆ پاراستنی ریشەکەی چوار پزیشکی تایبەتی هەیەو زانیاری پێدەدەن و چاودێری لێدەکەن.

وێرای درێژی ریشەکەی ئەو دەڵێ ریشەکەم وەکو گوریسێک وایە زۆر جاران لەکاتی تەنگانەدا سوودی لێوەردەگرم و خۆمی پێ رزگار دەکەم.

مردنی ئارەزوومەندانە

وڵاتی هۆلاند یەکەمین وڵاتی جیهانە کە ساڵی ٢٠٠٢ مردنی ئارەزوومەندانەی پەسند کردووە. بەوهۆیەشەوە ساڵانە هەزاران کەس خۆویستانە داوای مەرگ دەکەن.

ساڵی رابردوو ١٩٢٣ کەس داوای مەرگیان تۆمار کردووە، ئەمەش بەبەراورد بە ساڵی پێشووتر ژمارەکەی کەمتر بۆتەوە.

بەگوێرەی یاسا خواستی مەرگ پەیوەندی بە کۆمیتەیەکی تایبەتەوە هەیە کە لە پزیشکێک و دادوەرێک و پسپۆڕێکی رەوشتی پێکهاتووە، تەنیا خواستی ئەو کەسانە وەردەگیرێ کە دووچاری نەخۆشی کوشندە هاتوون و هیوای چاک بوونەوەیان نەماوە. ساڵی رابردوو لە نێوان ئەو ژمارە زۆرەی کە ئارەزوومەندانە مەرگیان هەڵبژاردبوو تەنیا خواستی یەکێکیان بڕیاری لێدراو، چونکە بەدەست نەخۆشی شێرپەنجەوە هەراسان ببوو، هیوای چاکبوونەوەشی بە بن بەست گەیشتبوو.

لەیەکێ لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا گوایە دەست پێوەدەگرن و دیاردەی گەندەڵی کەم دەکەنەوە، سکرتێرێک بە نووسراوێک بۆ جەنابی بەڕێوەبەرهەندێ پێویستی بەرز کردبۆوە، ئەویش هێڵی سووری بەسەر پاکەتێک کلێنکس و قەڵەم جافێک داهێنابوو کە کۆی گشتی هەردووکیان دەکاتە ٧٥٠ دیناری بریمەر ! هەی ئافەرین بۆ خۆت و دەستپێوەگرتنت!!

وتەبێژی فەرمی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لە روونکردنەوەیەکدا بەڵێنی داوە لەسەنگەری بەرگریکردن و پاراستنی سەرو گیانیان هاوڵاتیان بێ، داوای بوردنیشی لە بنەماڵەی ئەو قوربانیە کردووە کە لەخۆڕاوە بە خۆکوژ تۆمەتباریان کردبوو. ئەگەر مشکۆی هونەرمەند مابایە دەیگوت: لە پاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم!

بەرپرسێک کە خوێندەواری تەواویشی نیە، خەریکە لاسایی بەرپرسەکانی دیکە بکاتەوەو رۆژنامەی تایبەت بە خۆی دەربکات، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە هەندێ نووسەر کردووە کە لەوان حەرەکەتی نووسین و لەمیش بەرەکی پارە!

باسی کەسێکیان بوو کردووم لەیەک کاتدا هەم قوتابی زانکۆیەو دەرس دەخوێنێ، هەمیش لە پەیمانگە مامۆستایەتی دەکات، وەزارەتی پەروەردەش زۆر باش ئاگای لێیەو هاوکاری پێویستیشی دەکات. دەڵێن مووچەی پۆلیسیشی هەیە! خوا نەکات ئەم هەواڵە راست بێ!

رۆژنامەوانێک گلەیی لە رۆژنامەوانێکی دیکە دەکرد و دەیگوت ئەو بەفەرمانی ئاسایش لەدژی مندا بابەتێکی نووسیووەو دەیەوێ لەبەر چاوی خەڵک سووک و ریسوام بکات. داخم ئەوەیە خۆی بە بێلایەن و نا حزبی دەزانێ!! ئەو بۆیە دژی من هەڵوێستی گرتووە چونکە دەزانێ هەندێ پۆخڵەوات ئاشکرا دەکەم.

پەککو چەند چاو قایمن!

بەمەبەستی ناردنی یاداشتێک بۆ پەرلەمانی کوردستان تاوەکو یاسایەک دەربکرێ، بەپێی ئەو یاسایە بەرپرسەکان سامانی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن، دووشەممەی رابردوو بەرەی گۆڕان لە روانگەی پەرۆشی و دڵسۆزییەوە حزب و رێکخراوە پیشەیی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ کۆبوونەوەیەکی فراوان بانگهێشت کردبوو.

هەرچەندە جگە لە هەردوو حزبە دەستەڵاتدارەکە هەموو ئەوانی دیکە بانگهێشت کرابوون، ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەوەک بۆ پەزەکانیان خراپ بێ، تەنیا سێ حزب جورئەتیان کردبوو بێنە کۆبوونەوەکەو سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی بیرورا بگۆڕنەوە، لەو سێ حزبەش تەنیا یەکێکیان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە یاداشتەکە واژۆ بکات!!

سەیر لەوە دایە هەموویان چەواشەکارانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دیاردەی گەندەڵی بینەقاقای لە گەلی کوردستان گرتووە، بەڵام بەهۆی ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەوە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایان کرد کە تۆزقاڵی بڕیاری سیاسیان لە دەست خۆیاندا نیە، هەندێکیان ترسان ئەگەر بچنە کۆبوونەوەکەو ئیمزای یاداشتەکە بکەن چاویان لێ سوور دەکرێتەوە، هەندێکیان ترسان ئەگەر باسی ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسەکان بکەن، ئیدی لەسەرەوەرا لێیان تووڕە دەبن و لەوانەیە بەلوعەکەشیان لێ بگرنەوە، ئیدی بێ دەنگیان هەڵبژاردو خۆیان لێ نەبان کرد.

سەیرێکی دیکە ئەوەیە کۆمەڵێک رێکخراو بەناوی هەوڵدان بۆ بنبرکردنی گەندەڵی و گەشەپێدانی دیموکراسی و داکۆکیکردن لە ئازادی رادەربڕین دروست کراون و بانگەشەی سەربەخۆیی و بێلایەنی دەکەن، هەندێک لەوانیش سەڵماندیان کە سەربەخۆ نین و ناتوانن ئەو هێڵە سوورە ببەزێنن کە دەستەڵات بۆ کێشاون. تەنانەت ئەو رۆژنامانەی کە تا سەر ئێسقانیان بانگەشەی سەربەخۆبوون و ئەهلی بوون دەکەن، ئەوانیش لەخۆیان رانەبینی بەچەند دێڕێکیش باس لەو کۆبوونەوەیە بکەن.

کورد دەڵێ رۆژێک دێ ئەوەی بن بەرێ دێتە سەربەرێ. ئێستاش دەمامکی هەموو ئەوانە لاچو کە بانگەشەی سەربەخۆییان دەکردو وایان پێشان دەدا کە دژی دیاردەی گەندەڵی هەڵوێست دەگرن وخەڵکی کوردستان لەدەست ئەو نەهەنگانە رزگار دەکەن. ئەوەی جورئەت نەکا بەشداری لەو کۆبوونەوانەدا بکات کە باس لە دیاردەی گەندەڵی دەکرێ، ئەوەی جورئەت نەکات واژۆی لەسەر یاداشتێکی پڕ لە پاڕانەوە بکات ، ئەوەی جورئەت نەکات لەژێر لێوانیشەوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بخوازێ کە یاسایێک دەربچوێنێ کە پێوەندی بە چارەنووسی هەموومانەوە هەیە، چۆن جورئەت دەکات باس لە دەستاودەستیکردنی دەستەڵات بکات! چۆن دەتوانێ قامک لەسەر برینەکان دابنێ و بڵێ لێرە ساختەکاری هەیەو لێرە داهاتی میللەت بە فیرۆ دراوە و لێرەش پیرۆزی و سەروەریەکان لەژێر پێ نراون؟!

ئێوە ئەگەر جورئەت ناکەن بڵێن لەل ئەی بۆ ناوێکتان داگیر کردووە؟! ئێوە ئەگەر خۆتان بەشێک لە گەندەڵیەکان نەبن، ئەی بۆ لەگەڵ باسکردنی کێچ دەکەوێتە کەوڵتانەوەو یەک پێ رادەپەڕن و پشتی تێدەکەن! پەککو چەند چاو قایمن، چۆن رووتان هەیە باسی لە سەربەخۆیی و رزگارکردنی میللەت بکەن؟!

پێشمەرگەیەکی دێرین

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێکەی نینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com